

بەغدا

١٩٧٠/٦/٢٢

برایانی خۆشەویست و بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

شادی و سەرکەوتنتان بە ئاوات ئەخوازم.

ماوەیێک لەمەوبەر نامەیێکم نووسی بۆتان بەهۆی کاک حەبیبەوە، بەڵام چونکە
ضدی هاتبوو بۆ بەغدا نامەکەم بۆ گەڕایەوە. وا ئەمجارە بە کوردی بۆتان ئەنووسمەوە.
کە گەیشتمە بەغدا بەگوێرەی لەلایەن حکومەت و شیوعی و ڕووسەوە پێشوازی کرام
نوێنەرانی هەر سێکیان هاتنە لام. هەرچەندە لەهجەی قسەیان جیا بوو
بەڵام ئامانجیان یەک بوو. ئەویش بریتی بوو لە هاندانمان بۆ ئەوەی
یەکێتی یەکەمان تێک دەینەوە و حزبێکی تقدمی کوردی دروست بکەین.
بۆ دروستکردنی (عقربات) و (شجعات) و (وعودی) زۆر هەبوو،
هەر لە تأیید و پشتیوانییەوە تا سەر حوکمڕانی.
من شیوعی و ڕووسەکانم هاندا بوو ئەوەی دەست لە بارزانی بەرنەدەن
وە وەفدێک بنێرن بۆلای کە دەسەڵاتی تەواوی هەبێت وە (ضمانات)
بدا بە بارزانی کە معاهدەی ڕووس و عێراق ضدی کورد نییە وە حوکمی
ذاتی بدەن بە کورد بە گەرمکردنەوە وە یارمەتی مالی بارزانی بدەن.
لەسەر داوای عامر عبداللە بەو معنایە نامەیێکم بۆ کاک عزیز
شەریف بە کوردی نووسی کە لە مۆسکۆیە. پاشان بیستمەوە
کە گەڕاوە بە عەرەبی و بە بەرسکە سەفارەت ناردویەتی بۆ مۆسکۆ
بۆ ڕووس زۆرم قسە کرد وە هەوڵم دا تێیان بگەیێنم کە بارزانی
دۆستیانە و دۆستایەتیان لەگەڵی (و لەگەڵ کورد) مایەی قوەتە
بۆیان لە عێراقدا وە ئەمەش سەبەبی حقیقی نزیکی حوکمی
بەعثە لێیانەوە، بۆیە هەق نییە بارزانی بەر دەن.



حکومەت و ڕووس و شیوعی نیازیان دروستکردنی (تجمعێکە) دژی بارزانی
بە ناوی (حزب) یان (کۆمەڵ) یان هەر شتێکی ترەوە بێت.

② دکتۆر مراد هاتە لام داوای لێکردم کە حزبێک دروست بکەم و ڕووس و
شیوعی یارمەتیم بدەن. حکومەتیش هەرکەمێ ئیمتیازات بدات بە کەرکووکەوە.
چونکە ماتەرسێ کەرکووک بدەنە بارزانی. وە گوتی ڕووس و
حکومەت و شیوعی یارمەتیت ئەدەن چەندە زۆرە کەس هەیە ئامادەن
لەگەڵت بن لەناو پارتی و لەدەرەوەی پارتی.

③ جماعەتێک هەن لە کوردی مستقل وەک حمزە عبداللە، ئەژدا، حسەو و
صالح الحیدری، ئەگەر خۆیان بە تقدمی ئەزانن وەلائەیان بە کاڵ دارا تو ضیقەدەش
هەیە، زۆر جار هاتنە لام و چوومە لایان. داوای حزبێکی کوردی یان
تجمعێکی کوردی تقدمی ئەکەن کە داخلی ج.و.ه بێت. من بۆم ئاشکرا
کردن کە ئەمە فاشیلە چونکە تەجروبەی تێیە هەیە. لە دەرا ئەمدا
گوتیان بە ③ شەرت ناجح ئەبێت کە بریتین لە:
١ - پشتیوانی ڕووس بۆی - گوتیان ئەبێت.
٢ - پشتیوانی حزبی شیوعی و پارتی شۆڕشگێڕی پێشەنگ
گوتیان ئەمەش بەویستە بێتە دی.
٣ - حکومەت حوکمی ذاتی بداتێ ی - گوتیان ئەبێت.
لام وایە ئەم فیکرەیە لە داهاتوودا تحقیق ئەکرێت بە یارمەتی
شیوعی و ڕووس و بەعث.

④ صدام ناردی بە شوێن منا فۆاد عارف. لە دیتنەکەدا باسیان کرد کە
ئەوان هاتوون بۆ هەموو شتێک کە ئێوە داوای بکەن. کاک خزنەدار
باسی (ئاشراری) دەوری بارزانی کرد و گوتی ئەوان وجودی بنەڕینە
سەر بارزانی بۆ ئەوەی ڕێگەی ڕاست بگرێت. من لەوەتەرە
دە ستمی کرد، پاش بیدوزە باسی هەنگاری تاعیم گوتم سوێندتیا
پێیدە بە چارە سەرکردنی مەسەلەی کوردەوە، ئەویش
بێ بارزانی نابێت.